# سروشته تایبەتییەکانی فەلسەفەی ئیسلامی

پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- فەلسەفەی ئیسلامی جگە لە ناوەکەی، کە دوو کێشەی لەسەرە:

- ئایا ئەمە فەلسەفەی ئیسلامییە؟ یان:

- ئایا ئەمە فەلسەفەی عەرەب و عەرەبییە وەک گشت عەرەبەکان ناوی دەبەن؟ ناوەرۆکی بابەتەکەش لە خۆیدا نەیتوانیوە بە تەواوەتی ئەو گومانە بڕەوێنێتەوە کە ئایا ئەمە بە ڕاستی فەلسەفەیە، یان نا؟ ئەگەر وەڵامەکە ئارێ بێ و بەو چاوە تەماشای بکرێ کە فەلسەفەیە، دیسانەوە ئەو پرسیارە سەرئاو دەکەوێ کە ئایا خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە جۆرە ڕەسەنیەتێکی پێ ببەخشێ و لە فەلسەفەی پێش خۆی و دواتر، بە تایبەتی لە فەلسەفەی یۆنان جیای بکاتەوە؟ چی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنان و کولتووری فارسی بۆ سەر زمانی عەرەبی لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی ئایین و کۆمەڵگای ئیسلامدا- لە ڕۆژهەڵات - دیاردەیەکی ڕاگوزەر نەبووە و ڕاستییەکی هەڵکەوت بووە؟ بۆ پاش ماوەیەک وشکایی هاتووە؟!

- دوای ئەو کۆششە جوامێرانەی بۆ دانانی (خانەی حیکمەت) لە بەغدا و وەرگێڕانی فەلسەفەکە کرا کە ئەو کولتوورەی لێکەوتەوە - لەسەردەمی بەنی عەباسدا- کە بەڕاستی

شایستەی ئەوە بووە ناوی سەدەی زێڕینی لێ بنرێ! ئەو کولتوورە هیوا و ئاواتێکی گەورە و گرانی بە بەر هزرمەند و سیاسەتمەدارانی ئەوسادا کردووە کە دواڕۆژێکی جێگای ئامانجی خوازراو بێ، چاوەڕوان بکەن، جگە لەو پێوەندییەی سەرکردەکان بەسەرکردەی وڵاتانی ئەورووپای ئەوسای خاوەن کولتوورەوە هەیانبووە و کردوویانە، کەچی کاروانەکە لە پرۆسەی بەرەوپێشچووندا شکستی هێناوە و ساتمەیەکی جەرگبڕی کردووە و سەرچاوەی ڕووناکییەکە - فەلسەفە - خەفەکراوە! بگرە هەر قەدەغەش کراوە و زستانێکی تاریک و ساردوسڕ جێگای بەهارە ڕەنگینە پڕ فەڕ و دەرامەتەکەی کولتووری گرتووەتەوە! ئەو هێرشە ناڕەوایە کاولکارەی لاوی لە ڕۆژهەڵات هاتووی کۆنەپارێزی باپیرە گەورەی ئەمڕۆی - تاڵیبانی — ئەفغانستان، غەزالی کردوویەتە سەر فەلسەفە تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ گەلان و ناوچەکە بەدەستییەوە ناڵاندوویانە و دەتلێنەوە، نەخشە بۆڕێژراو بووە، یان دیاردەیەکی لاوەکی بێ هەلومەرجی مێژوویی بووە؟! بۆچی دوای ئەو هێرشە ستەمکارە، کولتوورەکە بەو مەرەیە چوو، جێگای شیاوی خۆی نەگرتەوە؟ ئایا ئەو ڕەوشە سروشتێکی سەرەکی ئایینەکە خۆیەتی، یان گەلان و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ئەمە تایبەتمەندی و خەسڵەتیانە؟ وەڵامەکە بە هەر لایە و بارێکدا بدرێتەوە، دیسانەوە دەکرێ بپرسرێ: ئەی باشە بۆ ئەو وەرگێڕانە کولتوورییە لە یۆنانی و فارسی و سریانییەوە کرا؟! بۆ دواتر بەو مەرەیە چوو؟ ئایا ئەمە گیرخواردن لە بازنەیەکی بێ دەستپێک و کۆتایی نییە؟!

- ڕاستە مەڵبەندی جوگرافیایی نیمچە دوورگەی



غەزالی

عەرەب (مەملەکەتی ئێستای خانەوادەی ئال سعوود) تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشی هەبووە و هەیەتی. شارە گرینگەکانی (مەکە و مەدینە) لە نزیک قەراغ دەریای سوورن و پێوەندی کولتووری و ئایینی و بازرگانیان بە وڵاتی ئێستای شام (جاران دەڤەرێکی گرینگی ئیمپراتۆری ڕۆم و مەڵبەندی هەردوو ئایینە ئاسمانییە گەردوونییەکەوە، تایەفەی مووسا - جوولەکە - مەسیحی)وە هەبووە. هیچ کەسێک لاری لەوە نییە کە پەیامبەری ئیسلام سەردانی ئەو ناوچەیەی قەڵەمڕەوی ڕۆمی کردووە. لە شاری گەورەی یەثرب (مەدینەی ئێستا) بە سەدان خانەوادەی جوولەکە و مەسیحی تێدا بووە. شان بە شانی ئەو دوو ئایینە بت و سەنەم پەرستیش لە مەکەدا بەربڵاو بووە.

- ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆیدا بە پێچەوانەی ڕێبازی مێژووییەوە بێ، بەڵام بە هیچ جۆرێک گەرموگوڕی خۆی لە دەست نادات و بە یەکجاری نە وەڵام دەدرێتەوە، نە بەلایەکدا

دەخرێ:

دەبێ بۆچی ئەو ئایینە گەردوونییە لەو وڵاتە نیمچە دوورگەیە سەری هەڵدابێ، لە کاتێکدا لە سێ لاوە بەربەست و ئاستەنگی سروشتی جوگرافیایی لە وڵاتانی دراوسێ دایبڕیوە؟! ئیمپراتۆریەتی فارس و کولتووری شکۆمەندەکەی بەهۆی ئەو بیابانە وشکوبرینگەی دەرفەتی ژیان نادات، کەوتووەتە نێوانیان (سعوودیە و ئێران - عێراقی ئێستا)، کەچی بەهۆی ئایینەکەوە حەوت خێڵی شپرزەی عەرەب گەورەترین میللەتیان لێ پەیدا بووە، جگە لەوەی گەورەترین ئیمپراتۆری فارسیان بنەبڕ کردووە و پتر لە (١٥) وڵاتی تر (دوور نییە زیاتریش)یان داگیر کردووە، سیاسەتی کۆلۆنیاڵی نیشتەجێی زۆرەملێیان گرتووەتە بەر و لەو دەڤەرانەدا جێگیر و نیشتەجێ بوون و بووە بە موڵک وماڵی خۆیان، وەڵامەکە بە هەر بار و لایەکدا بدرێتەوە، سنووری مەزەندە و گریمانە نابەزێنێ و ئارێ و نارێیەکەی بەرانبەر بە یەکتری ڕادەوەستن.

٢- ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر هەیە و هیچ توێژەرێک لاری لێ نییە: دوای هاتنی عەرەب بەناوی ئایینەوە بۆ وڵاتانی تری دەرەوە و دەوروبەری دوورگەی عەرەب و تێکەڵ بوونیان بە میللەتانی تر کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئایینە هاتووەکەیان پەسند کردووە، کولتوورێکی هەمەڕەنگی بە بڕشت و هەمەڕەهەند و سەرتاپاگیر خەتوخاڵی داوە. میللەتانی فارس (ئێران، ئەفغانستان، تاجیک) بەربەر چالاکانە لە بنیادنانی ئەو کولتوورەدا بەشدارییان کردووە، ئیتر هاندەرەکە بە دەرەکی و ناوخۆوە چۆن لێک بدرێتەوە و وێنا بکرێ، ڕاستییەکە ئەوەیە:

زمانی قورئان کە زمانی عەرەبی بووە، ئامرازی سەرەکی دەربڕین و پێوەندی و نووسین و خوێندن و کولتوورەکە بووە و میللەتانی ئیسلامی لە خوارزم و خوراسانەوە تا ئەندەلووسی پێکەوە کۆکردووەتەوە. ڕەگەزی سەرەکی ئەو چالاکییە سەرەکییە نێونەتەوەییە کە هەمووانی پێکەوە کۆکردووەتەوە، ئیتر بە ناچاری و تۆبزی بووبێ، یان بە خۆشی خۆیان، ڕەگەزی عەرەب بووە. ئەو زمان و ڕەگەزە عەرەبییە کە ئەو کولتوورەی بۆ تۆمارکراوە، کولتووری عەرەبی ئیسلامی، هەر لە ئەدەب و کاروباری ئایین و فەلسەفە و لاهووت و شەرع و زانست بەپێی ئەو سەردەمە، لەژێر ئاڵای ئایینەکەدا بووە کە زمانەکەی عەرەبی بووە و هەڵگرە سەرەکییەکەشی مرۆڤی عەرەب بووە!! ئەگەر لە چوارچێوە گشتییەکەدا ئەو ئایینە دروشمی نێو نەتەوەیی هەڵگرتبێ، لە وردەکارییەکانیدا خێر و بێرەکەی تەنیا هەر بە سوود و قازانجی عەرەب شکاوەتەوە.

- پرسیارێک کە لێرەدا سەرئاودەکەوێ ئەوەیە: ئەگەر زمانی عەرەبی و ڕەگەزی عەرەب لەژێر چادری ئایینەکە دەستەبەری ئەو یەکڕەنگییە نێونەتەوەییەی میللەتە موسڵمانەکان بووبن، ئەی بۆچی ئیسلامیش وەک ئایینەکانی دیکە هەمەڕەنگی مەزهەبی تێکەوتووە. هەمەڕەنگییەک بە هیچ جۆرێک پێکەوە نایەنەوە، جا ئیتر سوننە و شیعە بێ، یان چوار مەزهەبەکەی سوننە:

شافیعی کۆنەپارێزی عەرەبی ڕەگەزپەرستی شۆڤینیست و حەنەفی فارسی کراوە و پێشکەوتنخواز و میانڕەو؟!

ئایا ئەو جیاوازییە کە بە هەمەڕەنگی ناودەبرێ، ناکرێ دیاردەبێ، لە چییەوە کەوتووەتەوە، سروشتی ئایینەکە خۆی بووەتە

مایەی ئەو جیاوازییە؟ یان جیاوازیی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایانەی ئیسلام بە یەکەوە کۆی کردوونەتەوە؟

– ئەگەر ئایینەکە دوو ڕەهەندی هەبێ:

**یەک:** باوەڕ و عەقیدە و ئیمان، ئەم لایەنە ئەوپەڕی لە ڕەهەندی دووەم جیایە کە ڕەهەندی:

**دوو:** مێژووی ئایینەکەیە: کە مێژووی ئیسلامی پێ دەگوترێ.

ئەگەر لایەنی یەکەمیان کۆشابێ مرۆڤی ئیماندار پێ بگەیەنێ، لایەنی دووەمیان کە مێژووییەکەیە، مێژووی کوشتن و بڕین و کوشتار و خوێن ڕشتن بووە. لە چوار خەلیفە، سێ خەلیفە بە شمشێر کوژراون! جەنگی نێوان خەلیفەی چوارەم و معاوییە خوێناویترین جەنگی سەردەمی خۆیەتی کە بە قڕکردنی بنەماڵەی عەلی و نەوەکانی پەیامبەری ئیسلام کۆتایی هاتووە! لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام، لە چەند لایەکی دوورگەی عەرەب و یەمەن و حەزرەمەوت، یاخیبوون سەری هەڵداوە کە ئەوکاتە بە (ڕەددە) ناوبراوە! باشە ئەو ئایینە نەیتوانیوە مرۆڤی ئیماندار پەروەردە بکات کە دەستی نەچێتە خوێنڕشتنی برایانی ئایینەکەیەوە؟. ئایینەکە بەند و کۆیلەی ڕزگار کردووە و ئازادی کردوون، مێژووەکەشی کوشتن و کوشتار و خوێن ڕشتن بووە! هەندێک ڕۆژهەڵاتناس لەو باوەڕەدان کە ژمارەی ئەو سەحابانەی لە شەڕی نێوان برایانی موسڵماندا کوژراون، لە ژمارەی ئەو سەحابانە پترە کە ئایینی ئیسلامیان لە خوارزم و سەمەرقەند و خوراسانەوە گەیاندووەتە ئەندەلووس (باشووری ئێستای ئیسپانیا)!! ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە؟! تا چ ڕادەیەک ئەو ڕەوشی پەنابردنە بەر شمشێر و خوێنڕشتن و قڕکردنی جودابیر لەگەڵ ئەو سەرخانە کە بە کولتووری ئایینی ئیسلام دادەنرێ لەگەڵ ئەو مێژووە پڕ کارەسات و خوێن ڕشتنەدا دێتەوە؟ دەبێ بایەخی ئایینی ئاسمانی لەچیدا بەرجەستە بێ ئەگەر هەر لە سەرەتاوە نەیتوانیبێ باوەڕ پێ هێنەرانی وا ڕابهێنێ لە جەنگی براکوژی و خوێن ڕشتن و یەکتری قڕکردن دووربکەونەوە؟! سۆز و بەزەیی و لە خواترسان چی بەسەرهاتووە و خراوەتە چ خانەیەکەوە؟! چۆن ئەو سەحابانە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە، دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام، دەستیان چووەتە خوێنی یەکتری و بەزەبری شمشێر کێشەی نێوانیان بەلایەکدا خستووە؟

٣- ئەگەر کولتووره ئایینییەکە لەلایەن ئەو عەرەبانەوە هاوردە کرابێ کە لە دوورگەی عەرەب ژیاون و ژیانی (بەدو)یان بەسەربردبێ، ئەوە ئاوێتەی کولتووری میللەتانی دیکە بووە کە لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب ژیاون و خاوەن شارستانیەتێکی شکۆمەند بوون، ئەمەش دوو پرسیار دەورووژێنێ:

– کەواتە ئەو توندوتیژییە لە چییەوە پەیدا بووە؟ ڕۆڵی ئەو شارستانییەتە پێشکەوتووە چی بووە لە کاڵکردنەوەی کولتووری عەرەبی (بەدو) و تۆڵە و توندوتیژیی و خوێن ڕشتن؟

– بۆچی ئەو کولتوورە کاڵای ئایینی بە بەردا کراوە لە کاتێکدا ئایینەکە لە ناوەرۆک و ئاراستە و ئامانجدا لە کولتوورەکە جیاوازە؟!

ڕاستە عەرەبەکان کولتوورێکیان هێناوە لەلای میللەتانی دیکە نامۆ بووە، ئیتر کۆشاون ئەو بابەتە، بۆ ئەوەی کاردانەوەی نارێی لێ نەکەوێتەوە، کاڵایەکی پیرۆزی ئایینیان بە بەردا کردووە، ئیتر پەسندکردنەکەی تاڕادەیەک ئاسانتر بووە.

- ئـەو کولتـوورە لەلایەکـی تـرەوە ئاوێتـەی کولتـووری میللەتانـی دیکـە بـووە، بـەڵام نەتوانیویەتـی یەکەیەکـی ڕەنگییـان لـێ پێـک بهێنـێ (١) و خۆیشـی بـە تەواوەتـی کۆنترۆڵـی سـەرجەم کولتوورەکـەی بـۆ نەکـراوە، جگـە لـەوەی نەتوانـراوە لـەو کولتـوورە تێکەڵەیـە نـەزم و سیسـتم و پێکهاتەیەکـی یەکگرتوویـی هارمۆنیـی دابمەزرێنـێ، بەڵکـوو ئـەو کەرەسـتە بـە پیتوپێـزە بـە کـۆی نەزمێکـی هەمەڕەهەنـدی جیاوازی بەرجەستەکراوی بیرکردنەوەو ئاراستە و سـەرنجدان و ئامانـج کـە ئەگەرچی لـە چوارچێوەی دەسـەڵاتی ڕەگـەزی عەرەبـی پشـت بەسـتوو بـە ئایینەکـەدا خەتوخاڵـی داوە، بـەڵام بـە ڕوون و ئاشـکرا هەمەڕەنگیـی نەتەوەیـی، کۆمەڵایەتـی و کولتـووری کۆمەڵـگای ژێـر ڕکێـف و دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عەرەبـی، لـە بەرگـی ئیسـلامدای دەربڕیـوە.

ئایینـی ئیسلام لـە سـەرەتای بڵاوبوونـەوەی لـە دەرەوەی دوورگـەی عـەرەب بـە دوو ئاراسـتەدا بـراوە:

- یـەک: بکـرێ بـە سیاسـی، ئەوجـا ئامـرازی بەڕێوەبردنـی کۆمەڵـگا و دامەزراندنـی دەوڵـەت بێـت و خەلافـەت پیـرۆز بکـرێ و ناحەزانـی سیاسـی بـە لـەڕێ لادەر دابنرێـن.

دوو: ببـێ بـە شـێوازێکی ژیـان و بەسـەربردنی گـوزەران. بەپێـی ڕێسـاکانی ئـەو ئایینـە جـۆری ژیـان بەسـەر بردنەکـە ئیسـلام خۆیەتـی، کەوابـوو ئایینەکـە ڕێـگای ژیانـە و ئـەو شـەریعەتەیە کـە لایەنگرانـی ئایینەکـە (ئیمانداران) وەک قانوونێکی گوزەرانیـان پەسـندی بکـەن!! ئەمـە لـە خۆیـدا ڕێ خۆشـکەر بـووە بـۆ ئـەوەی لـە دواییـدا، هـەر لەسـەردەمی بەنـی ئومەییـەوە وردە وردە ڕوویـدات، ئیسـلام لـە پەیامێکـی ئاسمانییەوە کرا بـە (سیاسـەت) ئامـرازی حوکمڕانـی! ئایینەکـە بـووە، یـان کـراوە بـە دەوڵـەت (٢). بـەو پێیـە ئەو ئایینـە دوای کۆچـی دوایـی پەیامبـەری ئیسـلام بـە ڕێگایەکـی دیکـەدا بـردراوە، نـاوەڕۆک و مەبەسـت و ئامانجـی گـۆڕدراوە. ئەوانـەی کـە ڕکابـەری ئـەو گۆڕانـە بـوون، تۆمەتـی لـەڕێ لادەر (مرتـد) خراوەتـە پارسـەنگییانەوە و بـە توندتریـن شـێواز سـزا دراون، ئەمـەش لـە خۆیـدا تێکەڵکردنـی عەقیـدە و ئیمانـی ئایینەکـە بـووە بـە سیاسـەت. حوکمڕانییەکـە (خیلافـەت) بەرگـی ئایینـی بـە بـەردا کـراوە، هەرچـی دژی ئـەو حوکمـە بووبـی بـە کافـر و (مرتـد) تۆمەتبـار کـراوە، ئـەو ڕەوشـە تاڕادەیـەک تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەو هەلومەرجـە کـە بۆچـی سـوننە کـە خۆیـان بـە (ئەهلـی سـوننە و جەماعـە) نـاو بـردووە، نـاوی (نواصب)یـان بەسـەردا بـڕاوە و بۆچـی شـیعەکان کـە خۆیـان بـە (ئەهلـی عصمـة و عەدالـەت) ناوبـردووە بـە (روافض) ناودەبرێـن. سـوننەکان هـەر لـە سـەرەتاوە پشـتگیری ئـەو گۆڕانەیـان کـردووە و کۆشـاون پاسـاوی بدەنـەوە (٣)، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە شـیعەکان بەگژیـدا چوونـەوە و بەربەرەکانیـان کـردووە، کەچـی لـەلای خۆیانـەوە وێنەیەکـی ئایدیالیسـتی (نموونەییـان) لـە بـارەی حوکمڕانییـەوە پێشـکەش کـردووە کـە دواتـر بـە تیـۆری- ئاراسـتەی (ئیمامیـەت) ناسـراوە و لـەم سـەردەمەدا بـە (ولایەتـی فەقیـە) ناودەبـرێ. ئـەو پرسـیارە: بۆچـی ئایینەکـە هـەر لـە سـەردەمی خیلافەتـەوە بـە تەواوەتـی جێبەجـێ نەکـراوە و دوای کوژرانـی عەلـی ئەبـی تاڵیـب بەلاڕێدا بـراوە و بایەخێکـی ئەوتـۆی بـۆ توێژینـەوەی زانسـتی نییـە! بـەڵام ئـەو پرسـیارە هـەر بـە کراوەیـی دەمێنێتـەوە و گەرموگوڕی خـۆی لەدەسـت نادات:

- ئایـا هـۆکاری ئـەو گۆڕانـە سەرنجڕاکێشـە

لە سروشت و گەوهەری ئایینەکە خۆیدایە، یان ئەو ڕەوشە نوێیەی دوای هاتنی بۆ نێو میللەتانی دیکەی دەرەوەی دوورگەی عەرەب تێیکەوتووە، بەو مەرەیەی بردووە، یان هەردوو هۆکارە کارکردەکە پێکەوە یەکیان گرتووە و ئەوەیان بەسەر ئایینەکەدا هێناوە کە بەسەریدا هاتووە؟!

ئایا دەکرا بەبێ ئەو گۆڕانەی ئایینەکە، تورکی عوسمانی چوارسەد ساڵ بەناوی ئایینەوە حوکمڕانی سەرجەم وڵاتە ئیسلامی و عەرەبییەکان بکات؟!

- دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین مێژووی ئایینی ئیسلام دەکرێ بە دوو قۆناغ، کە زەوی و ئاسمان لە یەکتری جیاوازن.

- قۆناغی دەرکەوتنی ئایینەکە تا مردنی پەیامبەری ئیسلام.

- قۆناغی دوای مردنی پەیامبەر تا کۆتایی هاتنی حوکمڕانی معاویە و بەنی ئومەییە. ئەو قۆناغە سەرتاپا کوشتن و برین و خوێن ڕشتن بووە. لەو سەردەمەدا سەرجەم مێژووی ئیسلامی دوای خۆی ڕەنگرێژ کردووە، بگرە دابەش بوونی ئایینەکە بە چەند مەزهەبی جیاواز کە تا ئەمڕۆ شیر و تیر لە یەکتری دەسوون، لەگەڵ کولتوورەکەی کە لێوالێوە لە توندوتیژی و ناکۆکی و ململانێ، هەر لەو سەردەمەوە سەرچاوەی گرتووە.

٤- ئەمە بوو ڕەوش و بارودۆخ و هەلومەرجی ڕۆژهەڵات کە لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی حوکمڕانی بەناوی ئیسلامەوە بووە.

لە ئەوروپا، دوای ئەوەی ئایینی مەسیحی بەرەو ئەوروپا باری کردووە و دوای کێشە و بەرەو بگرەوبەردەیەکی زەبەندە بووە بە ئایینی فەرمی سەرەکی، ئیتر هەر لە دەستپێکی بڵاوبوونەوە و دەست بەکاربوونی، دەستی بە لەناوبردنی کولتوور و شارستانی بۆماوەیی میللەتانی ئەوروپا کردووە، بەو بیانووەوە گوایە ئەمانە گومڕایی و بێ باوەڕی (کوفر و ئیلحاد) بەرجەستە دەکەن، تەنانەت زمانی ئینجیل کە لاتینی بووە تاڕادەیەک کردوویەتی بە زمانی ئایین و نووسین و کولتووری ڕێگا پێدراوی خۆی. ئەگەر بە وردی مرۆڤ سەرنج بدات و پەنا بەرێتە بەر میتودەی شیکاری و بەراوردکردن، ئەوەندەی پێوەندی بە زانستی کەلام و فەلسەفەوە هەیە، لێرە و لەوێ لاهووت و فەلسەفەی مەسیحی بە چەند خاڵێک دەبنە کەرەستەی بیر لێ کردنەوە:

- لێرەدا کولتووری (بەدو)ی دوورگەی عەرەب و زمانی بە زۆر سەپێنراوی عەرەبی و لە ئەوروپا کولتووری ئۆرشەلیم (ئێستای ئیسرائیل) و زمانی لاتینی، کەچی دوو ڕەوشی جیاواز دەربارەی چارەنووسی فەلسەفە وەک ڕاستییەک سەرئاو کەوتوون:

**یەک:** سەرچاوەی هەردوو فەلسەفەکەی سەدەکانی ناوەڕاست ئیسلام و مەسیحی فەلسەفە و کولتووری گەلی یۆنانە، کەچی دووچارەنووسی لە یەکتری جیاوازیان بە بەردا براوە.

**دوو:** غەزالی لە ڕۆژهەڵات بە سێ خاڵ فتوای گومڕایی خستووەتە پارسەنگی فەلسەفەی پیادەڕەوان و فەیلەسووفەکان. قەشەتێمپێ بە چەندان خاڵ فەیلەسووفە مەسیحییەکانی تۆمەتبار کردووە و پاپی ئەعزەم بە قسەی کردووە و فەلەسەفەی قەدەغە کردووە.

لە ڕۆژهەڵات فەلسەفەی ئەرستۆ پاشەکشەی کردووە و ئەفلاتوون و ڕێبازی ئەفلۆتینیزمی نوێ وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون، تەنانەت (ئبن عەرەبی) وتەنی: غەزالی خۆی سنووری

فەلسەفەی ئەفلاتونیزمی نوێی نەبەزاندووە.

لەولا بە پێچەوانەوە فەلسەفەی ئایدیالیستی کۆنەپارێز و یەکتاو یەک ڕەنگی ئەفلاتوون دوورخراوەتەوە و ئەرستۆ بە سایەی شرۆڤە و لێکدانەوەکانی ئیبن ڕوشدی ئەندەلووسی زەمینەکەی بۆ خۆش کراوە و لە زانکۆکاندا خوێنراوە.

٥- ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرئاو دەکەوێ ئەوەیە: لەو دوو ڕەوشە تاڕادەیەک لە یەک چووەدا، ئەوەندەی پێوەندی بە فەلسەفە و کولتوور و شارستانی و پێشکەوتنەوە هەیە، بۆچی ڕۆژهەڵات بەرەو دواوە پاشەکشەی کرد و عەرەب وتەنی کەوتە نێو داوی (سەدە تاریکەکانەوە) و ئازادی و داد و مرۆڤ پەروەریی بوون بە بابەت و چەمکی نامۆ و بیانی؟ کەچی لە ڕۆژئاوادا ئەو کولتوورە ڕەنگینە و ئەو شارستانیەتە پڕ شکۆیە و ئەو ڕێبازە مرۆڤ پەروەرییە جێگیر بوون و لە شۆڕشی سەرتاپاگیری فەڕەنسادا گەیشتە لووتکە؟ ئایا ئەمە پێوەندی بە ڕەوش و بارودۆخی جوگرافیایی و پەرەسەندنی مێژوویی و ئابوورییەوە هەیە، یان ڕەگەزەکان، میللەتەکانی ڕۆژهەڵات دید و بۆچوونیان لە چاو هی ڕۆژئاوا دەربارەی ژیان و جیهان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جیایە!؟

پێمان وابێ شتێکی نوێ ناڵێین و نهێنییەک نادرکێنین ئەگەر جارێکی تر دووبارەی بکەینەوە کە ڕۆژهەڵات مەڵبەندی ئایینە و ئایین ڕوو لە ژیان و دنیا نییە، مرۆڤ ئەگەر پێشتر کۆیلەی کەسانی پلە دیار بووە، ئێستا بەند و کۆیلەی ڕەببە.

- بەڵام ڕۆژئاوا مەڵبەندی کولتوور و شارستانی و فەلسەفەیە، هەر ئەوانیش ئەو زەمینەیان ڕەخساندووە کە داوودەزگا و دامەزراوەکانی تایبەت بە دیموکراتی و ئازادی و یەکسانی و دادی لە سەر شین بن و خەتوخاڵ بدەن و بێنە بەر، ئەمە چی دەگەیەنێ و چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە؟!

- ئەو پرسیارە کێشەیەکە دەکرێ هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە بکێشێ و بڕیارەکەی شەهرستانی بیگرێتەوە: (الداهية الدهاء والمعضلة الزباء)، بەڵام نزیک بوونەوە لە وەڵامەکەی دەشێ بە چەند خاڵێک دەستەبەر ببێ:

**یەک:** ڕاستە عەرەب سامین، ئەگەر ئەو نەتەوەیە بەپێی تیۆری ڕەگەز توانایی داهێنانی هزری- بیریان نەبێ، چۆن توانیویانە ئەو ئایینە گەردوونییە سروشتێکی عەرەبی، نەتەوە و زمان و کولتووری بەسەردا ساغ بکەنەوە و میللەتانی دیکە ناچار بکەن دەستبەرداری کولتوور و زمانی خۆیان ببن، ئەگەر نەشبووبن بە عەرەب، بە عەرەبی بنووسن، جگە لەو هەموو وڵاتانەی دیکەی دەرەوەی دوورگەی عەرەب کە عەرەب داگیری کردن و کردنی بە وڵات و قەڵەمڕەوی خۆی، هەر لە عێراق و سووریاوە تا مەراکیش و سەردەمێکیش باشووری ئیسپانیا کە ناوی ئەندەلووسی لێ نرابوو؟!

**دوو:** ئەگەر قسەکەی پرۆفیسۆر ئیرنست ڕینان ڕاست بێ کە گوتوویەتی: بە نیازی بەگژداچوونەوەی عەرەب و ئایینەکەیان، فارسەکان (سەمەرقەند، بوخارا) پشتگیری مەئموونیان کردووە خانەی حیکمەت بکاتەوە و بەرهەمی کولتووری فارس و فەلسەفەی یۆنان وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی و دواتر فارس و بەربەر (کورتەبە و مەراکیش) وەک کاردانەوە دژی دەسەڵاتی عەرەب لە دوورترین دەڤەرەکانی ئیمپراتۆری ئیسلام فەلسەفەیان داهێناوە (٤). گوایە بەو فەلسەفە داهێنانە خواستوویانە سروشتێکی دیکە بە

ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئایینەکە و هەژموونی عەرەب و زمانەکەی ببەخشن.

- ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێ، بۆ غەزالی ئێرانی بەوپەڕی توندوتیژی و بێبەزییانە بەگژ فەلسەفە و فەیلەسووفەکاندا چووەتەوە؟! خۆ ناکرێ، بەهیچ جۆرێک بگوترێ ئەو هێرشەی غەزالی بنەمایەکی نەتەوەیی هەبووە، دژی فەلسەفەیەک کۆشاوە و جەنگیوە کە بە زمانی نەتەوەی عەرەب نووسراوە؟

- باشە دەکرێ بگوترێ، عەرەبەکان بە تایبەتی و موسڵمانە سەلەفییە توندڕەوەکان بەگشتی هەستیان بەو نیازەی فارس و بەربەر کردووە کە فەلسەفەکە جۆرە ڕکابەریکردنی ئایینەکەی تێدایە، بۆیە بەگژیدا چوونەوە و فەرمانی قەدەغەکردنیان دەرکردووە، بەڵام کەس لاری لەوە نییە کە ڕابەرانی ئەو هەڵمەتە بێ بەزەییە ستەمکارە دژی فەلسەفە و فەیلەسووفان لەلایەن فارس و کوردەوە کراوە: غەزالی ئێرانی و ئبن سەلاحی شارەزووری کورد و ئبن تەیمیەی کێشە لەسەر، سەر بە چ نەتەوەیەکە.

- دوور نییە پرسیارێک لە ڕوخساری ڕەخنەکردنی ئەم قسەیەدا دەربکەوێ و بڵێ:

بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام (زمانی عەرەبی) بەسەر میللەتانی تردا سەپێنراوە، هەر لە نووسین و ژیانی ڕۆژانەدا تا جێبەجێ کردنی ئەرک و فرمانی ئایینەکە، ئایینی مەسیحی هیچ کاتێک و سەردەمێک و لە هیچ ناوچەیەک خەسڵەت و سروشتی نەتەوەیی نەبووە، تەنانەت وڵاتی کەسی زەوت نەکردووە. ئەو زمانە لاتینییەش کە بە کاری هێناوە، زمانی نەتەوەیەکی داگیرکار نەبووە کەسانی تری چەوساندبێتەوە و وڵاتەکەی لێ زەوت کردبن! ئەو دروشمەی (برای ئایینی) کە بانگەشەی بۆ کردووە هەر ڕووکەش نەبووە، بەڵکوو بەڕاستی پیادە و جێبەجێ کراوە و هیچ نەتەوە و زمانێک و کولتووری هیچ میللەتێک بەسەر ئەوانی تردا نەسەپێنراوە.

سەرەڕای ئەوەی زمانی لاتینی زمانی کولتوورێکی پێشکەوتوو بووە، بەڵام زمانی عەرەبی زمانی کولتوور نەبووە، لە حەوت پارچە هەڵبەست بەولاوە هیچی تری پێ نەگوتراوە. تەها حوسەین گومان لەوە دەکات ئەو هەڵبەستانە پێش هاتنی ئیسلام نووسرابن. گوایە دواتر، لەسەردەمی خەلافەت بەدواوە کەسانێک بە مەبەستی دیاریکراو و ڕەنگ بۆ ڕێژراو دایانناون (٥).

بۆیە ئەو کۆششەی دواتر کراوە بۆ سنووردارکردنی دەسەڵات و هەژموونی کڵێسەی مەسیحی و جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت تاڕادەیەک ئاسانتر بووە لە چاو ئەوەی لێرەدا کرابێ، چونکە ئەو کۆششە کە لە دواییدا سەرکەوتووە، دژی نەتەوە و زمان و کولتووری نەتەوەیەک نەبووە وەک ئەوەی عەرەب لە ئیسلامدا سەپاندوویەتی!! لێرەدا هەر شتێک بەرانبەر ئایینەکە کرابێ، عەرەب بە هەڵگەڕاوە و لە ڕێ لادەر (مرتد) ناوی بردووە و تۆمەتی نابەجێی خستووەتە پارسەنگییەوە (٢٦).

بەو پێیە ئەگەر فەلسەفە داهێنانێکی ڕەسەنی یۆنان (ئەورووپا) بووبێ، ئازادی و یەکسانی و دیموکراتی و دادی ڕاستەقینەش هەر بە کۆششی ئەوان جێگیر بووە و خەتوخاڵی داوە.

- ڕاستە ئایینی مەسیحی ئایینێکی ڕۆژهەڵاتییە، بەڵام جێگاکە شوێنی ڕاستەقینەی ئەو نەبووە. ئەو مەڵبەندەش تێیدا سەری هەڵداوە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی یۆنان و ڕۆم بووە کە بە هەموو شتێک ئەورووپایین، بۆیە مەسیحییەتیش باری کردووە و

ڕووی لە ئەوروپا کردووە و لەوێ جێگیر بووە، بەڵام ئەمەک و دڵسۆزی خۆی بەرانبەر بە ناوەندە پیرۆزەکانی (ئۆرشەلایم و بێت لەحم) لەدەست نەداوە!

٦ - ئەو گۆڕانەی تا ئێستا قسەی لێ کرا لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا هەمەڕەنگییەکە و ڕەوشی ئایینی و ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ئابووری دانەبڕاوە، ئیتر هۆکاری وەرگێڕانی کولتووری فارس و فەلسەفەی یۆنان و سەرهەڵدانی زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامی وەک پێشتر قسەی لێ کرا، دیاردەیەک سەرئاو دەخات کە ناکرێ پشتگوێ بخرێ و پێوەندی دەستیاوی بەو ڕەوشە سەختەوە هەیە کە دواتر دەرکەوتووە و هاتووەتە ئاراوە:

- کە کولتوور و فەلسەفە کراون بە عەرەبی، ڕووبەڕووی ڕکابەر و ناحەزێکی سەرسەخت بوونەتەوە هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕکابەرە کۆششی سنووردارکردنی کاروچالاکییەکەیانی کردووە: کولتووری ئایینی کە ڕەگوڕیشەی هاویشتووەتە نێو هەموو کونوکەلەبەرێکی ژیانی کۆمەڵگا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تاڕادەیەکی بەرچاو بووە بە شێوازی نەخشە ڕێگای ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمە!

- ئەو کولتوورە ئایینییە ڕۆژهەڵاتییە، جیهاندیدێکی جێگیر کردووە کە لە بەرچاوخستنی ژیانی سەرزەوی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بەولاوە شتێکی دیکە نەبووە: {دنیا بەندیخانەی ئیماندارانە و بە هەشتی گومڕایانە (کافرەکانە)}! لەو دروشمە پەیڕەو کراو و پەسندکراوەدا چەند خاڵێک کەوتووەتەوە:

**یەک:** تەنیا یەک ڕاستی (هەقیقەت) هەیە کە بە ڕێگای سرووش (وەحی) هاتووە و هەر پشت بەو دەبەسترێ و پەنا بردنە بەر ژێر بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی شەرع لادانە لە ڕێگای دەستنیشانکراوی ئایین. هەر لەو بنەمایەدا دوو خاڵ دەکەوێتەوە: گۆڕین، ئیتر لە هەر بابەتێکدا بێ دەبێ:

- بە ڕێگای ڕاستەوخۆی قورئان دەبێ کە بە سرووش هاتووەتە خوارێ.

- بە ڕێگای فەرموودەی پەیامبەر (حەدیس) دەبێ کە پشت بە لێکدانەوەی قورئان دەبەستێ.

**دوو:** ڕێگای شرۆڤە و لێکدانەوەی قورئان (تاویل و تفسیر) بەو کەسانە دەدرێ کە لە زانستی ئایین و شەرعدا باڵادەستن، ئەوانیش پەنایان بردووەتە بەر چەند چەمکێکی گریمانە کراو و (مەجازی) بۆ ئەو لێکدانەوەیە و دەربڕینی کرداری مرۆڤ بە چاکەکاری و بەدکارییەوە. هەر لەو کایەیەدا، ئازادی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئایینەکەدا تەنیا لایەنە ڕوخسارییەکەی بایەخی پێ دراوە و چەمکی (چارەنووس، قەدەر، بڕیار و هەڵبژاردن- ئیختیار) لە جیاتییان کراوە بە کەرەستەی توێژینەوە، ئیتر ئەو لێکدانەوەیە (تەئویل و تەفسیر) لەلای زانایانی شەریعەت و (فیقهی) و کەلام، پابەندی چەند چەمکێکی هەمەجۆری گریمانەکراو بووە.

**سێ:** پەیڕەوکردن، بگرە پابەندبوون بە بیروبۆچوونی (پێشینان) سەلەفی چاکەکار دەرگای پەرەسەندن و پێشکەوتنی خوازراوی چاوەڕوانکراوی داخستووە. لە کایەی زانستی کەلامیشدا ئەو پەیڕەوکردنە، بە تایبەتی لەلای سەلەفییە کۆنەپارێزەکان لە پەیڕەو (مەنهەج) و بڕیار و تاووتووکردندا لە جیاتی بەڵگەی ژیریی - لۆجیکی پشت بە تێکستەکانی قورئان و فەرموودە بەستراوە، ئەمەش لە خۆیدا بەگشتی بیروبۆچوون و هەڵوێستی جیاواز و ناکۆک بە یەکتری لێکەوتووەتەوە و بووەتە مایەی کەرت

بوون و پەرشوبڵاوی ڕێباز و پیاوانی ئایینی و زاناکان و هەڵوێست و بڕیارەکانیان، لە جیاتی یەکگرتن، دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوانیان سەرئاو کەوتووە.

- فەلسەفەی ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی هەڵکەوتێکە مایەی وردبوونەوەیە: شرۆڤەکارێکی بێ وێنەی فەلسەفەی ئەرستۆ بووە لەسەردەمی خۆیدا، لە سەرانسەری مەڵبەندەکانی ئەوسای خوێندن لە ئەوروپا- دواتر- سوود لەو کارانەی وەرگیراوە. لە قۆناغێکی دیاریکراودا ئەرستۆی بە جیهانی ڕۆژئاوا ناساندووە. لەو چالاکیانەیدا ئەو هەڵانەی ڕاست کردووەتەوە کە لە کاتی وەرگێڕان و بەکارهێنانی فەلسەفەی مامۆستای یەکەم فەیلەسووف و شارەزایان تێی کەوتبوون، بە تایبەتی کە بەرهەمێکی ئەفلۆتین بە هەڵە ناوی ئەرستۆی لەسەر نووسراوە.

- پشت ئەستوور بە فەلسەفە- بنەو بەڵگەی ژیر و لۆجیک- هێرشە ستەمەکەی غەزالی بۆ سەر فەیلەسووف و فەیلەسووفان کاڵ کردووەتەوە، کەچی ئەوەی لێوەی چاوەڕوان کراوە، وا دەرنەچووە:

لە ڕۆژهەڵات و باکووری ئەفەریقای موسڵمان، نەک هەر سوود لە فەلسەفەکەی وەرنەگیراوە، بەڵکوو بە ساردوسڕیەوە پشتگوێ خراوە، کەچی فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفەی ئەندەلووس لە سەرانسەری جیهانی مەسیحی ئەوروپا جێگای بایەخ پێدان و سوود لێ وەرگرتن بووە!! وا پێدەچێ ئەو بۆچوونە بڕیارە لە جێگای خۆیدا بێ: کە فەلسەفە بابەت و کەرەستەیەکی ئەوروپایە و لە ڕۆژهەڵات- جیهانی ئایینی ئیسلام-دا نامۆ و بیانییە، ئیتر مەسیحییەکانی ئەوروپا فەلسەفەکەی ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی کە ئەسبابی خۆیانە بردووەتەوە بۆ سەر زێدی خۆی و لە چەند مەڵبەندێکی زانستی ئەوسای ئەوروپا لەژێر ناوونیشانی فەلسەفەی ئبن ڕوشدی لاتینی خوێنراوە، ڕاستە فەلسەفە کەرەستە و ئەسبابی ئەوروپایە، چونکە بەبێ ئازادی ناژی و ئازادیش هەر لەوێ هەیە!!

سەرچاوە و پەراوێز:


١- نصر حامد أبوزيد: النص والسلطة والحقيقة، دارالبيضاء - المغرب، ٢٠٠٦، ص١٤، وفي صفحات آخرى أيضا.

٢- علي عبدالرزاق: الاسلام وأصول الحكم، بيروت ١٩٧٢، ص١٥٤.

٣- محمد أركون: الاسلام الاخلاق والسياسة، ت: هاشم صالح، بيروت، ٢٠٠٧، ص١٠٦، وفي أماكن آخرى.

٤- إرنست رينان: إبن رشد والرشدية: ت: عادل زعيتر، بەبێ ساڵ و جێگای چاپکردنەکەی. ل٩٢.

٥- د. طه حسين: في الشعر الجاهلي - القاهرة، ٢٠٠٧.

٦- هەر بەو تۆمەتە دەیان بلیمەتی فارسی (نووسەر بە زمانی عەرەبی) کە کولتووری عەرەبییان گەیاندووەتە لووتکە، تۆمەتی ناڕەوای (شعوبييەت)یان خراوەتە پارسەنگ و بە شمشێر ملیان پەڕێنراوە. ئبن ئەلموقەففەع کە بە (ڕەوانبێژی بلیمەتی عەرەب) ناسراوە، نموونەیەکە لەو ستەمەی کاربەدەستانی عەرەبی (بێ وەفایانە) بەرانبەر بە برایانی ئایینی کردوویانە (کە عەرەب نەبوون)!.